دەوڵەتی یاسا و بەدر جێخت لەسەر گرنگی یەکخستنی هێنگاوەکان و تەواوکردنی دیمەنی سیاسی دەکەنەوە

ئەوارەی ئەمە سەشممە نووری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە نووسینگەی خۆی لەگەڵ شاندەکی فراکسیۆنی پەرلەمانی بەدر بە سەرکایەتیی پەرلەمانتار هومام تەمیمی کەبووەوە بە تاوتوەکردنی دۆخی گشتیی سیاسی و ئەمنی وڵات و ڕێگاکانی پتەوکردنی سەقامگیری و هاوکاریی نێوان هێزە نیشتمانییەکان.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی نووسینگەی مالیکی، کە دەستی موتەبع کەوتووە، هەردوولا ڕوونیان کردووەتەوە کە "هاوئاهەنگی هەوەستەکانی نێوان هێزە سیاسی و پەرلەمانییەکان جەوهەری و گرنگە لەپێناو یەکخستنی هەوڵەکان و بەشداریکردن لە دەرکردنی یاسای گرنگ کە خزمەت بە هاوڵاتی عێراقی بکات".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە: "هەروەها جێخت لەسەر گرنگی هێنگاوی کاریگەر بە تەواوکردنی پێکهێنانی دەسەڵاتە دەستوورییەکان و دەستبەرکردنی کارکردنی دروستی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەشێوەیەک کە لەگەڵ خواستە نیشتمانییەکان بگونجێت کرایەوە".